

# بلووزی کورت بۆ مـ

مۆدەی جلوبەرگەکان بەرەو مۆدەی وەرزەکان ڕێگەیان گرتووە و هەر مۆدەیەك لەگەڵ هاتنی کاتەکەی پابەند کـــراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز لەگەڵ کاتەکە بگونجێت کاتێك دەپۆشرێت، بۆ هاتنی وەرزی بەهار، مۆدەیەکی تازەی جلوبەرگ دەرکـــەوت و بەمەش دەبێتە شێوازێکی تازە لە مۆدەکانی ئەو وەرزە.

# ڕەنگی کراوە بۆ ماکیاژێکی ناسک







مۆدەکانـــی جوانکاریکردن بـــۆ ماکیاژکردنـــی خانمان چەندیـــن ڕێگەی هەیە، هەر ماکیاژێك ڕێگەیەکی تایبەتی هەیە و شـــێوازێکی ناسکی دەوێت بۆ ئـــەوەی ماکیاژەکە ئەنجـــام بدرێـــت. یەکێك لە مۆدەیەکـــی زۆر ناســـك و جـــوان بریتییە لـــەو ماکیاژە جوانـــە، لە چەنـــد ڕەنگێکی کراوە، شێوازی ماکیاژەکەش بریتییە لـــە چاوێکی ڕەش و ڕەنگی ئەساســـی ماکیاجیش لە ڕەنگی زێڕی دەبێت..

ئەوەی لـــەم وێنانە دەبینن بریتییـــە لـــە قۆناغەکانـــی دانانی ئەو ماکیـــاژە جوانە، ئەوەی جوان بێت لەو مۆدەیە ڕەنگی پشـــت چاوەکانە، کە ئەویش لە ڕەنگی ســـەوزە و لەگەڵ ڕەنگی ڕەشی چاوەکان دەگونجێت و دیمەنێکی جوان دەبەخشێت.



# بۆ ئەوەی ماڵەکەت جـ

گرنگی دان بە کاروباری ماڵ لەلایەن خانمان وەك ئەرکێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئەوەی ماڵێکی جوان و پاك بەڕێوە ببەن، چەندین ڕێگەی تایبەت هەن بۆ ئەوەی کارەکانی ماڵ بە ئاسانی بەڕێوە ببردرێت، چونکە زۆر جار خانمان تووشی کێشە و گرفـــت دەبنەوە کاتێك بە هەنگاوێکی کارەکانی ماڵ هەڵدەســـتن، بۆیە دەبێت بـــە چاکترین و جوانترین ڕێگە کارەکانی ماڵ بەڕێوە ببەین، ئەمەش دەکرێت لەم هەنگاوانە بەدی بکرێت :

- لـــە کاتی پاککردنەوەی ئاوێنەکانی ماڵ، بۆ ئەوەی ڕووناکی و جوانییەکی گەورەی هەبێت بە ماددەی سیپرتۆ پاکی بکەرەوە.

- بۆ ئەوەی جلوبەرگ بە جوانی و ڕەنگی سپی دەربکەوێت، دەکرێت لە کاتی



# ـۆدە سادەکانی بەهار

ئەوانەی لــە وێنەکەدا دەبینــن بریتییە لە بلووز و قەمیســی کورت بۆ ســەرەوە لەگەڵ کاوبۆی جینــز و کیلۆت و کۆلۆن بۆ خوارەوە، بۆیە جوانییەکی ناسك دروست دەکات و دەبێتە ســادەترین مۆدەی وەرزی بەهار. ئەم مۆدەیە لەگەڵ ئەوەی ناسك و جوانە، کەشێکی خۆش دەدات کاتێك دەپۆشرێت.

# ڕەنگی زێڕی بۆ ڕازاندنەوەی دەست







ئێکســـوارە جوانــەکان دەبێتــە ڕێگەیــەك بــۆ زیاتــر ڕازاندنەوەی جەســتەی خانــمان، یەکێــك لەو ئێکسسوارانە بریتییە لە ئێکسسواری ناســك بۆ جەســتە و بە تایبەت بۆ دەست، ئەو ئێکســـوارانەش دەبێتە مۆدەیەکی ناســك بۆ ئەوەی دەست بڕازرێنرێتەوە و شــێوەیەکی ناســك نیشان بدات.

کاتێك ئێکسسوارەکان لە ڕەنگ و نەخشێکی جوان دەبێت، لەگەڵ هەر ڕەنگە پێستێك دەگونجێت و ڕازاوەی دەکات، ئەوانــەی دەبینــن بریتییە لە جوانترین شــێوازی ئێکسسواری بازنگی کراوە، شێوەکانیش لە ڕەنگی زێــڕی و زەردە، بەمەش شــتێکی جوانی لێوە دەردەچێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو ئێکسسوارانە لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەگونجێــت و، بەمەش دەبێتە ئێکسسوارێکی ناسك و جوان، دەتوانن ســوود لەم مۆدەیە وەربگــرن و بۆ ئەوەی دەستەکانتان بڕازێننەوە!



# ـوان و خاوێن بێت

شووشتن پارچەیەك لە لەیموون بخەرە ناو شوێنی شووشتنەکە ئەمەش ئەنجامێکی گەورەی دەبێت.



- کاتێك ماڵەکان مشــکی لێــوە دەردەکەوێت و ناکرێت بــە تەڵە ڕاو بکرێت، دەتوانن لە ڕێگەی ڕشــتنی بیبەری ڕەش لەو شــوێنانەی مشکی لێوە دەبینرێت بەم شێوەیە ون دەبێت.

- لــە کاتی پیاز چاککــردن چاوەکانی خانمان پڕدەبێت لــە ئاو، وەك ئەوەی بگرین، بەڵام دەتوانن چارەسەری ئەو لایەنە بکەن بە هۆی جوینی بنێشت.

- بۆ زانینی جۆری ئەو ماسی تازە ڕاو کرابێت، دەکرێت بخرێتە ناو ئاو ئەگەر سەر ئاوەکە کەوت ئەوە مانای تازەیە و کۆن نییە.






# پیاوە درێژەکـ

**زۆرن ئەوانەی خاوەن بەژن و باڵایەکی درێژن، ئەمەش وەك شتێکی سرووشتی بۆ ئەو کەسانە رووده‌دات بۆ ئەوەی بەژنیان بەمشێوەیە درێژ ببێت، کەچی لە جیهاندا نزیکەی (١٤) پیاو هەن باڵایان زۆر بەرزە و بە درێژترین پیاو دادەنرێن لە جیهاندا، ئەوانەش ناوەکانیان :**

١- رۆبێرت پێشنگ — ٢,٧٣ سەنتیمەتر ٢- لیۆوند ستادنیك — ٢,٥٧ سەنتیمەتر ٣- ئەجاز ئەحمەد — ٢,٥٣سەنتیمەتر



## بەبێ ئازار نمایش لەسەر دڕک و بزمار دەکات

لە هەرێمی کیشنوا لە وڵاتی چین، کوڕە گەنجێك ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی سەیرترین نمایش ئەنجام بدات لەبەرچاوی گشت خەڵك، نمایشەکەی بریتی بوو لە خلیسکان و غڕبوونەوە بەسەر دڕك و شتی تیژ لە شێوەی بزمار، بەبێ ئەوەی هەست بە ئازار بکات، ئەوەی دەیبینن وێنەی غڕبوونەوەکەیە بەسەر ئەو دڕکە تیژانە خۆی بەردەداتەوە و بەبێ ئەوەی هاوارێك بکات.

ئەو کوڕە گەنجە ناوی (سییاوینگ)ە و تەمەنی (٢٩) ساڵە، لەبەر چاوی خەڵك توانی نمایشێکی سەیر ئەنجام بدات و، بووە جێگەی سەرسوڕمانی گشت ئامادەبووان، لە کۆتایی نمایشەکە جەستەی کوڕەکە تەنیا لە چەند شوێنێك خوێنی لێدەهات و ئەگینا هیچ ئازارێکی پێنەگەشت!



## پایسکیلێک ١٠٠ سندوق هەڵدەگرێت

بەهۆی ئەوەی وڵاتی چین خاوەن زۆرترین دانیشتوانە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان، بۆیە کارەی سەیر و سەمەرە لەو وڵاتە زۆر روودەدات و بەمەش دەبێتە کارێکی سەیر بۆ گشت خەڵکی داهاتوو، ئەوەی دەیبینن خانمێکە و بەهۆی



پایسکلیە (٣) تایەکەی توانیوەتی کۆمەڵە سەندووقێك هەڵبگرێت، ئەگەر بمانەوێت ئەو سەندووقانە بگوازیننەوە بێگومان پێویستیمان بە ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەبێت.

کەچی ئەو خانمە نزیکەی (١٠٠) سەندووقی ماددەی بۆلیسترینی هەڵگرتووە، بە جۆرێك تەنیا دەم و چاوی دەردەکەوێت، وەك لە وێنەکەدا دەبینن شێوەیەکی سەیری لەخۆ گرتووە، ئەم کارە سەیرە لە هەرێمی جوان دۆنگ روویداوە لە رۆژی پێنچشەممەی رابردوو !









## ...انی جیهان

٤- ڤیکاس یوپیل – ٢,٥١ سەنتیمەتر ٥- سیڵتان کیسۆن – ٢,٤٧ سەنتیمەتر ٦- فیلیب بێرل – ٢,٤١ سەنتیمەتر ٧-باو بێشمان – ٢,٣ سەنتیمەتر ٨- بیۆ کیسۆن – ٢,٣٦ سەنتیمەتر ٩- لیزجۆرج جونیز – ٢,٣٦ سەنتیمەتر ١٠- مانوتی بۆل – ٢,٣١ شەنتیمەتر ١١- ماگیتۆ ماکهانی – ٢,٢٦ سەنتیمتر ١٢- بۆنگ مینگ – ٢,٢٦ سەنتیمەتر ١٣- گریت خالی – ٢,٢١ سەنتیمەتر ١٤- شاکویل ئونێل – ٢,١٢ سەنتیمەتر.




## ئامادەکردنی بەدلەیەکی بووک بە ٧٠ ڕۆژ

دوای ئەوەی چەندین هەوڵ درا بۆ ئەوەی درێژترین بەدلە یان کراسی بووک دروست بکەن، بەمەش لە چەندین وڵاتانی جیهان کاری لەم جۆرەیان ئەنجامداوە، لە دوا هەنگاو لە وڵاتی ڕۆمانیا درێژترین کراسی بووک دروست کراوە، ئەمەش لەلایەن دیزاینەری کراسی بووک بەناوی (ئاوانا کۆمینسکۆ) توانی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات لە دروست کردنی درێژترین بەدلەی بووک.

کراسەکە نزیکەی (٥٥٧٧) مەتر درێژ دەبێت، نزیکەی (٢٥) بەرگدروو کاریان تیایدا کردووە بۆ ئەوەی کراسەکە بەم درێژییە دەربچێت، هەروەها نزیکەی (٧٠) ڕۆژی خایاند بۆ ئەوەی کراسەکە بە تەواوی بدوورێت، ئەوەش وێنەی کراسەکەیە و بە درێژترین کراسی بووک دادەنرێت لە جیهان !

## ئەنجامێکی سەیر لە قەڵەوییەوە بۆ لاوازی







قەڵەوی نەخۆشییەکە تووشی گشت کەسێك دەبێتەوە ئەگەر ئاگاداری جەستە و تەندرووستی خۆی نەبێت، بەتایبەت لەلای هەندێك کەس وەك نەخۆشییەکی گەورە سەرهەڵدات و دەبێتە قەڵەوییەکی زۆر بە جۆرێك ڕێگە لەو کەسە دەگرێت جووڵە ئاساییەکانی ژیانی بکات، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکی ئەو قەڵەوەیە بە هۆی نەشتەرگەری و کاری ڕاهێنان کێشی لە دەست داوە و بۆتە ئەو پیاوە لاوازە !

ڕۆژنامەی دیلی نیوز لە هەواڵێکدا باسی ئەو پیاوە قەڵەوە ناوی (ئەرامیس)ە دەکات لە شاری نیویۆرك دەژییت و سەرەتا کێشی گەیشتبوو بە نزیکەی (٣٤٠) کیلۆگرام، بۆیە دوای چەندین کاری ڕاهێنان و نەشتەگەری ئێستا کێشی نزیکەی (٨٠) کیلۆگرامێك دەبێت، بەمەش گەورەترین ئەنجامی لەدەستدانی کێشی جەستەی تۆمار کرد.



## هاوسەرگیری بچووکترین سەگ!

کارە سەیرەکانی خەڵکانی جیهان لە چەندین هەنگاوی سەیر دەدۆزرێتەوە و بە جۆرێك بیر لە شتی سەمەرە دەکەننەوە بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن نازناوێکی گەورە، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە سەیرترین جۆرە هاوسەرگیری نێوان بچووکترین دوو گیانداری سەگە، ئەوەی سەیر بێت وەکو ئاهەنگەکانی هاوسەری مرۆڤ ئاهەنگیان بۆ گێڕا و جلی بووك و زاوایان بۆ پۆشرا.

ئەو دوو سەگە ناویان (چێری و کۆفی)یە، بە بچووکترین سەگ دادەنرێن و لە وڵاتی ئەمەریکا لەلایەن خاوەنەکانیان ئەو ئاهەنگەیان بۆ سازدرا، ئەمەش بە ئامادەبوونی گشت کەسوکاری خاوەنەکەی بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەو سەگە بچووکە بەشداربن .

## لەو وڵاتە بمری باڵندە گۆشتەکەت دەخۆن

گشت مرۆڤێك لە داهاتووی تەمەنی دەگاتە کۆتایی ژیان و بەرەو مردن دەچێت، بێگومان دەبێ ئەو کەسەی دەمرێت ژێر خاك بنرێت بۆ ئەوەی جەستەیەکەی لە خۆل تێکەڵ ببێت وەکو ئەوەی چۆن لە خۆڵ دروست بووە، کەچی لەلای ناوچەی (تبت) شێوازێکی دیکە هەیە بۆ ناشتنی مردووەکان.

شێوازی ناشتنی مردن لای بووزییەکانی ناوچەکانی تبت گۆڕانکاری بەسەر هاتووە و بەڵکو شێوەیەکی دیکەی سەیر لە خۆ دەگرێت، لای ئەوانە ناشتن نییە و بەڵکو کاتێك کەسێك بمرێت جەستەی پارچە- پارچە دەکەن و بۆ ئەوەی باڵندەکان گۆشتەکەی بخۆن.



## وێنە کێشان

بەهرەکانی ئەو کەسانەی لە بواری وێنەکێشان کاری سەیر و جوان ئەنجام دەدەن رۆژانە لە کاری تازە و شتی جوان دەردەکەون، ئەمەش وەك بەهرەیەکی سەیر بۆ هەر کەسێك لەو بوارە شتێك وێنەبکێشێت، کێ هەیە لە ئێمە بتوانێت لە بنێشت وێنە بکێشێت بە مەرجێك وێنەیەکی جوانی لێوە دەربچێت.

(بین ویلسۆن) ئەو هونەرمەندەیە لە وڵاتی بەریتانیا ژیان بەسەر دەبات و ماوەی (٥) ساڵە دەستی بە وێنەکێشان کردووە و، بەڵام وێنەکێشانی ئەو هونەرمەندە بە بنێشتە نەوەك بە رەنگ ! ئەوانەش یەکێکە لە کارەکانی ئەو پیاوە سەیرە، کە دەتوانێت وێنە بکێشێت لە بنێشت!

## ئاگاداری ئەم ک






## ئەوکاتەی پەرلەمان دەبێتە ش

شەڕ و پێکدادان لە گشت شوێنێك روودەدات ئەمەش بەهۆی ناکۆکی نێوان دوو لایەن، چەندین جۆرە شەڕ هەیە، لێرەدا باسی ئەو شەڕانە دەکەین کاتێك لە شوێنە رەسمی و گشتییەکان روودەدەن، یەکێك لەو شوێنانەی دەبێتە مەیدانی جەنگ و شەر، لە پەرلەمانەکانی جیهانە!



# بە بنێشت!








## ـامێرایە بە


بۆ هەر کەسێك پێویستە لەم لایەنە ئاگادار بێت، ئەمەش لە کامێرای شاراوە و کامیرا بچووکەکانی کاری خراپیان پێوە دەکرێت، کارێك مەکەن و بلێن دەرناکەوین، بەڵکو تەکنۆلۆژیا کاری سەیری وای دروست کردووە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت خەڵکانی جیهان. ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن کاتژمێرێکە و کامیرایەکی بچووکی تێدایە بۆ کاری وێنەگرتن. کامیراکە لە ناو ژمارە (٢)ی کاتژمێرەکەیە و دەتوانێت لە دووری (٣) مەتر دەنگ وەربگرێت و لە ماوەی (٤) مەتریش وێنە بگرێت، بەمەش چەندین کاری سیخوڕی و وێنەگرتنی پێوە دەگیرێت، بۆیە ئاگاداربن لەو کامێرا بچووکە.

## ـوێنی شەڕە کورسی و پێڵاو

ئەو وێنانەی دەبینن چەند حاڵەتێکە کاتێك پەرلەمانتار و کەسایەتییە سیاسییەکان بە گفتۆگۆ ناکەن بە ئەنجام، بۆیە دەست دەکەن بە شەڕە کورسی و مستەکۆڵە و پێڵاو، ئەو وێنانە راستەقینەن و لە ژووری پەرلەمانەکانی وڵاتانی (چین – میسر – دانیمارك) وەرگیراوە و بەمەش دەبێتە سەیرترین شەڕ و پێکدادان لە شوێنە گشتییەکان.




## شەقامێک لە قوماش!



بیرۆکەی سەیر دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کارە قورسەکان بە ڕێگەیەکی سادە ئەنجام بدەن و شێوازێکی دیکەی بۆ ئامادەبکرێت، هەر زانیومانە شەقامەکان لە ماددەی توند وەك (کۆنکرێت و قیر) دروست بکرێت ئەمەش بۆ هاتوچۆی مرۆڤ و ئوتۆمبێلەکان، کەچی بۆ هەندێك ڕێگە و شەقامی تایبەت جۆرە ماددەیەك بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ببێتە شەقام، ئەم ماددەیەش بریتییە لە قوماش!


ئەو وێنەیەی دەبینن بریتییە لە شەقامێك لە قوماش دروست کراوە، جۆرە قوماشەکە توندە بە جۆرێك دەکرێت مرۆڤ و چەند ئوتۆمبێلێکی بچووك بەسەریەوە رەت ببن، ئەمەش بۆ ئەو شوێنانە دروست کراوە کاتێك ناکرێت بکرێت بە شەقام یان تەنیا بۆ کاری دیکۆری فیلم دەرهێنان ئامادەکراوە!

# کەلـــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەدڵێکی خـۆش پێشـوازی لەم هەفتەیـە دەکـەی دوای ئەوەی هەست بە ئارامی دەکەی و لەو دوو دڵییە ڕزگارت دەبێت کە لەماوەی ڕابردوودا دڵتەنگی کردبووی، تێگەیشـتن لەنێـوان تـۆ و هاوڕێکەت زیـاد دەبێت و کەشێکی خۆشتان بۆ دەرەخسێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەخت دەبێتە هاوڕێـت بەتایبەتی لەبـواری کارکـردن دا بەجۆرێك هیواکانـت دێنـە دی کـە خۆت ئاواتیان بۆ دەخوازی، هاوڕێی ژیانت ڕۆڵێکی گـەورەی هەیە بۆ خۆشـبەختی تۆ و چەند کارێك دەکات کە لەبەرژەوەندی تۆ دا دەبێت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

باری داراییت باشبوونێکی بەرچاو بەخۆیـەوە دەبینێت، پێویسـتت بە پشـوودان هەیە بۆ ئـەوەی زیاتر بیر لەباشـترکردنی پەیوەندییەکانت بکەیتەوە و هەڵەکانت ڕاسـت بکەیتەوە، چاوەڕوان بە ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پەیوەندییەکـی ڕۆمانسـی لەڕێگادایە کـە وات لێ دەکات چیتر هەسـت بەتەنیایی نەکەیت و ببیتە خاوەنی خۆشەویستێك. سـەفەر کردن لەم ماوەیەدا کارێکی باشـە ئەگەر حەزیشت لەسـەفەر نییـە وا باشـە بانگهێشـتی هاوڕێکانـت بکەیت و کاتێکی خۆشـیان لەگەڵ بەسەر ببەی.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


خەم بـۆ ئـەوە هەڵمەگـرە کە خۆشەویسـتەکەت ناگەڕێتـەوە لات لەبەر ئەوەی ناتوانێت وازت لێ بهێنێت بۆیە بەگەشبینیەوە بۆ ئایندەی سـۆزداریت بڕوانە. زیاتر تێ بکۆشـە بۆ ئـەوەی بگەیتە ئەو پلەیەی کە خەونی پێوە دەبینی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسـێك دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە تـۆش هەوڵ بدە زانیاری لەسـەر بزانـی پێـش ئەوەی لێـی نزیك بیتـەوە، کلیلـی سـەرکەوتن لەکارەکانت لەناو دەسـتەکانت دایە ئەگەر بەباشی بیر لەئەنجامدانیان بکەیتەوە. پێویستە سەردانی کەسە نزیکەکانت بکەیت.

**ئا/ هێمن قەسرەیی**



# ماسییەک لە شووشە!

شێوەی گیانداران هەر یەکە بە جۆرێك دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی زۆری جۆری گیانداران، بە تایبەت گیاندارە ئاوییەکان، واتا ئەوانەی لە ناو ئاودا دەژیین. یەکێك لەوانەش بریتییە لە ماسی، بێگومان هـەزارەهـا جۆرە ماسی هەیە، هـەر یەکەش شێوەیەکی بەرچاوی هەیە، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو ماسییە بکەیت، دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك، چونکە ناو سەر و جەستەی ئەو ماسییە دیارە لە ڕێگەی پێستی سەری، شێوەی پێستی لە شووشە دەچێت، وەك ئەوەی پەنجەرەیەك بێت.

# چێڵێک (٥) گۆلکی دەبێت

گیانداران جیاوازیان هەیە کاتێك بێچوویان دەبێت، هەر یەکە بە پێ ئەو ڕەگەزەی خۆی دەردەکەوێت و ئەمەش پابەندە بەو جۆرە گیاندارە، یەکێك لەم گیاندارانە (چێڵ)ە، ئەمەش کاتێك بێچووی دەبێت تەنیا (١) بێچووی دەبێت، لە حاڵەتی کەم دەبێتە دووانە.

کەچی ئەو چێڵە ڕێسای بێچووی شکاندووە و بە جارێك (٥) گوڵکی بووە، بەمەش دەبێتە یەکەم و سەیرترین حاڵەتی لەم جۆرەی چێڵێك ئەم ژمارە گۆلکەی بە جارێك ببێت.



# بۆ ئاســـــوودەیت

☺ - کوڕێــك ماوەیەکی زۆر بێ ئێش دەبێت و کار ناکات،
لێدەپرسن چ کارێك دەکەیت ؟!
ئەویش دەڵێت : لەگەڵ خاڵم کار دەکەم !!
دوایی لێدەپرسن، ئەی خاڵت چ ئیشێك دەکات ؟
کوڕەکەش دەڵێت : خاڵم لە دوای ئیش دەگەڕێت !!!

☺ -جارێك کەسـێك بۆ یەکەم جـاری دەبێت قاوە بخواتەوە،
کاتێك بۆی دەبن ئەویش دەڵێت :
ببوورن من تەعینی شل ناخۆم !!

# نمایشی نویێ بۆ جلوبەرگ

شێـوازی نمایشکردنی جلوبەرگ لـەلای گشتمان ئاشکرایە و لە ڕێگەی ڕۆیشتنی خانمان یان کوڕان دەکرێت لە ناوەڕاستی شوێنێکی دیاری کراو، خەڵك و ئامادەبووان سەیری جلەکان دەکەن، کەچی مۆدەی ئەو نمایشە گۆڕاوە و بۆتە شێوەیەکی دیکە.

مۆدەی ئێستا بەم شێوەیە لە وێنەکەدا دەبینرێت، خانمان خۆیـان لار دەکـەنـەوە بۆ ئـەوەی جلێك نمایش بکەن، ئەمەش دەبێتە سـەیـرتـریـن جـۆرە نمایشی جلوبەرگ.



# وتەیەکی پڕ مانا !


کـچـێـك بـۆ ئــەوەی دڵـی کوڕێك ڕابکێشێت و بیخوازێت، پێیدەڵێت:

من ئامادەم لە کاتی ناخۆشی و خەم و دڵتەنگی لەگەڵت بم و یارمەتیت بدەم!

کوڕەکەش دەڵێت: من هیچ خەم و دڵتەنگییەکم نییە بۆ وادەڵێت ؟


کـچـەکـەش دەڵـێـت: دڵـنیام کاتێك ژن دەهێنێت تووشی خەم و دڵتەنگی دەبیت !

# کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئـەم هەفتەیـە بەخـت دەبێتـە هۆکارێك بۆ هێنانەدی ئاواتەکانت و گەیشـتن بـەوەی کە دەتەوێـت، چەند گۆڕانکارییـەك لەژیانـت ڕوودەدەن کـە هەموویـان بەبەرژەوەنـدی تـۆ دا دەبن. کەسانی دەوروبەرت چاوەڕوانی شتی زیاترت لێ دەکەن.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بە شـێوەیەك سـەیری ژیان بکە وەك ئـەوەی کە هەیە نەك ئەوەی دەتەوێت. پێویسـتە وریا و لێهاتوو بیـت بۆ ئـەوەی پەیوەندییەکانت شکسـت نەهێنن. کاتێـك هەڵەیەك ئەنجام دەدەی ئەوەنـدە بێ هیوا مەبە بەڵکو هەوڵ بدە دووبارە نەبێتەوە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پەیوەندییەکانـت لەگەڵ هاورێ و کەسـە نزیکەکانت لەباشـترین ئاسـت دا دەبێت لەم هەفتەیەدا. کەسـێك لەکاتی پێویست دا بەهاناتەوە دێت و یارمەتیت دەدات، ئەگەر ڕەخنەیەکت لێ گیـرا خۆت لە هەڵچوون بپارێزە و بەدڵێکی فراوانەوە وەری بگرە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەڕووی سـۆزدارییەوە لە یەکێك لەکاتە خۆشەکانی تەمەنت دای. چەند دەرفەتێکی نوێت دێتە پێش بۆ ئەوەی بیر لەئایندەیەکی باشتر لە بواری کارەکـەت دا بکەیتەوە، زۆر بیر لەقسـەی خەڵك مەکەوە و هاورێکانت لەیاد مەکە.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لـەڕووی کـۆمـەڵایـەتـیـەوە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ژیانت ڕوودەدات، پێویستە بە وریایی پارە خەرج بکەی، هەموو شتێك بە دڵی تۆ نابێت، بۆیە ڕێکخستن و هاوسەنگی هۆیەکن کە دەبێت بیریان لێ بکەیتەوە. هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم ماوەیە هەست بە دڵخۆشییەکی بێ وێنە دەکـەی بەهۆی چەند گۆڕانکارییەك کـە لەبەرژەوەندی تۆ دان، ئەگەر خۆشەویسـتت هەیە کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن ئەگەر خۆشەویستت نییە کەسێك لەدەرگای دڵت دەدات.



ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەنی وێنەی یەکەم.
٢- هەرێمێکە لە ئەڵمانیا
٣- وەکو یەکە- باڵندەیەکە(پ)- وەکو یەك.
٤- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- لۆ- ئامێرێکی مۆسیقایە.
٥- هادی(ت)- دەوڵەتێکی کۆنی کوردییە.
٦- دراوێکە- دورگەیەکە لە ئەمەریکا(پ)- دووپتی ران.
٧- داستانێکی کوردییە(پ)- دوورگەیەکە(ئەندەنوسیا(پ).
٨- وەکویەك- ئاوێکی کچانە.
٩- چوار پیتی مۆبیتێل- کامە- بزر.
١٠- دوو پیتی چەم- هاو(ت)- ڕێگا.
١١- یانەیەکی ئیسپانییە(پ).
١٢-لاوك بێژێك حەیرانبێژێکی کوردی کۆچکردووە.

## ستوونی:

١- یاریزانێکی هەڵبژاردەی فەرەنسییە خاوەنی وێنەی دووەم.
٢- زامدار(پ).
٣- دووپیتی بەرخ- نەخێر- جۆرە تامێکە(پ).
٤- سێ پیتی ئاوات- هاوڵاتی خەڵکی کامیرون(پ).
٥- سەهۆڵ(پ)- چەکێکی کۆنە(پ)کێو.
٦- کاوە(ت)- ئێمە- پیتێکی مۆسیقایە.
٧- تەزیو- دووپیتی سام- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.
٨- مێوەێکە(پ)- قژ- ناوێکی کچانە(پ).
٩-شارێکە لە ئەمریکا- پێویستی ژیانە(پ).
١٠- بەشێکە لە لەش(پ)- وەکویەك- پیتێکی مۆسیقایە.
١١- یاریزانێکی بەرازیلییە(پ).
١٢-بەرزترین چیا لە باکووری ئەفریقیا.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی خۆشە لەلای گیانداری گوێدرێژ).
- پیتی خانەکانی (١+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوی جۆرە ئوتومبێلێکی ئەمەریکییە)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (سەرباز بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە مرۆڤ نایبینێت و کەچی ئەو مرۆڤ دەبینێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گلادیاتۆر) بوو